# مێژەرو گوڵ

**شێرزاد هەینی**

**بەشی سێ یەم**

**رۆژانەی سەفیرێکە لە تاران، گەشتێکە بۆ دۆزینەوەی ئیرانێکی تر ..**




**وێنەی گیرانی سەفارەتی ئەمریکی لە تاران.**

**زۆر لە نیشتیمانپەروانی ئێرانی پرسیاری ئەوە دەکەن، یان شەیدای ئەوەن بزانن ئەوان لە لای خۆرئاواییەکان بە چی دەخوێندرێنەوە، لە چاوی ئەوان چی وێنەیەکیان هەیە، وەک هاووڵاتی واتە ئەندیجانا سەیر دەکرێن. ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە خۆرئاواییەکان تەنیا بیر لە سامانەکەیان دەکەنەوە، وا پاش 50 ساڵ کێشەی چەکی ئەتۆمیان بوویتە بابەتی سەرەکی هەموو لایەک.**
**هەموو پێشهات و گەڕانەکانی لە ناوەوەی ئێران لە ساڵی 1978 تەقینەوەکەی لێ کەوتەوە، پاش ئەو رووداوە شا، ولاتی جێهێشت و کەوتە تاراوگە. لەو سەردەمەدا ئەمریکییەکان بناخەو بەرژەوەندی زۆریان لەو ولاتەدا هەبوو، زانکۆکانی ئەمریکی و فەرەنسی و ئینگلیزی هەزارەها خوێندکاری ئێرانیان بۆ خوێندن وەرگرتبوو، کۆمەکی ئێران لە زۆر رووەوە هەبووە، پسپۆرو راوێژکارو کارمەندیان ناردبووە ئێران و کار ئاسانیان لە زۆر رووەوە ئەنجامدابوو، تەنیا لە بواری یارمەتی و رێنمایی سەربازی نزیکەی 10 هەزار شارەزاییان ناردبووە ئێران.**
**شۆرش بەرپابووو سەرکەوت، کە خوێندکارانی ئێرانی لە چواری نۆڤمبەری 1979 سەفارەتی ئەمریکیان لە تۆڵەی وەرگرتنی شای ئێران لەلایەن ئەمریکاوە داگیرکرد، میللەت لەبەر ئەو پێشهاتەو لەبەر هۆکاری تر، دوارۆژی شۆرشەکەیان بەدوارۆژی سەرهەڵدانەکەی ( مسدق )**

زانی. جاری دووەمە سەفارەتی ئەمریکی داگیردەکرێت، لە فیفری بە ئامادەیی سولیفانی سەفیر پاش سێ رۆژ رووداوەکە کۆتایی هات. بەڵام ئەو رووداوەی تاران و سەفارەتی ئەمریکی وا بە ئاسانی چارەسەرنەکرا، ئیسلامییەکانی و خومینی خۆشی نەهاتە رایێ، گیراوەکان 444 رۆژ مانەوە، هەرچەندی ئەمریکا کۆششی کرد بۆ رزگارکردنیان ئێرانیەکان بەرپەرچیان دانەوەو سەرینەگرت. مانەوەی ماوەیەکی زۆر درێژی سەفارەتەکە لەو رەوشەدا، شەرمەزارییەکی زۆر بوو بۆ ئەمریکا، بۆیە دوژمنایەتی نێوان ئێران و ئەمریکا تەشەنەی کرد، لە دواییدا ئەمریکا هەڵوێستی تایبەتی بەرامبەر ئێرانی ئیسلامی وەرگرت، لە مانگی یولیوی ساڵی 1980 دا قەیرانەکە بووە نۆ مانگ، لە گەرمەی قەیرانەکەدا پەیوەندی دبلۆماسی ئەمریکی عیراقی بە بیانۆی پاڵپشتی عیراق بۆ تیرۆریستان گەیشتە رەوشێکی ئاڵۆزو تەنگژە، دیمانەی سەرۆکی عیراقی سەدام حسین بە سکرتێری ئاسایشی نەتەوەیی زبیگنیو بیرجیترکی لە ئوردن پێشهاتێکی باش بوو.

دوو مانگ پاش ئەو دیدارەو لە سپتمبەردا عێراق هێرشی کردە سەر ئێران، پاش مانگێک بۆشی کاندید سەرۆک کۆمارو ریگن لە پاریس بۆ ئازادنەکردنی گیراوەکانی ئەمریکی لە سەفارەتەکە لەسەردەمی سەرۆکایەتی کارتر لە پاریس دیداری نێردراوی ئێرانیان کرد، دیاربوو ئازادکردنیان هەنگاوی باشی نابوو. پاش ئەو دیدارە مەسەلەکە مایەوە تا رۆنالد ریگن سەرۆکایەتی ئەمریکای وەرگرت و لە سایەی دەستەڵاتی حکومی ئەودا گیراوەکان ئازادکران.

پشتیوانی ئەمریکا بۆ سەدام:

شەڕی نیوان ئێران و عیراق هەشت ساڵی خایاند، ئەمریکا پشتیوانی زۆری عیراقی کرد، لە ساڵی 1983 ئەمریکا رایگەیاند، کەوا عیراقی لە لیستی تیرۆریستی دەرهێناوە، ئەوەش پێشهاتێکی باش بوو لە گەرمەی شەڕەکە پشتیوانی عیراقی نیشاندا. پەیوەندی عیراق ئەمریکا بەرەو باشی دەرۆیشت، زوو زوو رامسفێلد سەردانی سەدامی دەکرد، بە نوێنەرایەتی تایبەتی سەرۆک ریگن سەردانی سەرکردایەتی عیراقی کردووە.

لەو شەڕەدا ئەوروپیەکانیش بە تایبەتی فەرەنسییەکان یارمەتی زۆری عیراقیان داوە، ولاتانی عەرەبی و یەکێتی سۆڤیەتیش بەردەوام هاوکاری عیراقیان کردووە، واتە سەدام جگە لە ولاتی چین و ئیسرائیل پشتیوانی هەموو جیهانی لەو شەڕەدا هەبووە. ئەوەی زۆرتر بووە پشتیوانی عیراق، نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕەسمی ولاتی عیراقیان بە هێرشبەر ناونەبرد، ئەوەش هاوکاری باش بوو، بەڵام پاش ماوەیەک سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر زاری خۆی دانی بەوەنا کەوا عیراق شەڕ هەڵگێسێنەربووە.

پشتیوانی و یەکرێزی ئەمریکاو بریتانی بوو، حکومەتەکەی مسدقیان لە ئیران رووخاندو شای ئێران گەڕایەوە پاشایەتیەکەی ئێران، ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر ئێران و ناوچەکە دانابوو، داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکاش لە ئێران، نیشانی هاتنە پێشەوەی چەندین کاری توندیوتیژی بوون لە ناوچەکەدا. لەو رۆژەوە ئێران باجی ئەو رووداوە دەدات و گەمارۆی ئابووری لەسەر بەردەوامە، ئەوەش گەشەی پیشەسازی نەوت و گازی ئیرانی راگرت و ئەو کەرتە زیانی زۆری بەرکەوت، لە باندۆری ئەو گەمارۆیە ئێران بۆ نەکرا کەشتی ئاسمانی مەدەنی خۆی نوێ بکاتەوە، بە گشتی گەشەی ئابووری و گەشەپێدانی راوەستا.

مینەتەکانی دیلەکان:

ئەگەر چەندی زووتر دەستەڵاتدارانی ئێرانی دانیان بە هەلەی گیرانی ئەمریکییەکانیان لە سەفارەتە دانابووایە، باشتربوو، بەڵام بە پێچەوانە ئەوان توندترو بەردەوام تربوون، بۆیە رەوشەکەیان هەمبەر ئەمریکا ئاڵۆزتربوو. ئەو خوێندکارانەی سەفارەتەکەیان داگیرکردو ئەمریکیەکانیان بەدیل گرت هەموویان گەیشتنە ریزی ریفۆرمخوازانی ئیرانیەکان، چواردەورەی خاتمییان گرت. ئەو ژنەی ناوی ماری لە خۆنابوو معسومە ئیبتکاری قسەکەری خوێندکارانی رفێنەری سەفارەتەکە، بۆ میدیای نێونەتەوەیی لە ئێران لە سەردەمی خاتمی بوە جێگری سەرۆک بۆ کاروباری ژینگە.

سالآنە یادی داگیرکردن و ڕفاندنی کارمەندانی سەفارەتەکە لە سەرەتای نۆڤمبەرا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری سەربازو خوێندکارانی تەمەن گچکە دەکەنەوە، ئەوانەی بەشداری ئەو گەمارۆدانەیان کردبوو بەشدار نابن و کەم دەردەکەون، لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی داگیرکردنی سەفارەتەکەی بە پرنسیپەکانی سەرەکی کۆمارەکە زانیبوو، بۆیە داوای لێبوردنی نەکرد، ئەوەشیان وەک گرتنی گرتووخانەی باستیلی سەردەمی شۆرشی فەرەنسی دەناساند.

بینایە کۆنەکەی سەفارەتەکەش کراوە بە پیشانگای تایبەت بە ئیمپریالیزم و زایونیزم، لەوێ چەندین وێنەی خوێناوی و کارەساتی جەرگبڕ نمایش دەکرێت، حەوشە گەورەکەی ناوەوەشی کراوە بە یاریگەی تایبەتی منالآن و چەندین پێشبڕکێ و پێشانگای وێنەی منالآنی لەسەر رۆژانی رووداوەکە تێدا نیشان دەدرێت. لەگەڵ سەفیری سویسری لە تاران بەیەکەوە چووینە ئەو شوێنە، لەوێ نمایشێکی گەورەی ( میکی ) بۆ منالآن بە دەستی چەند سەربازێک دەجولێتەوە، لەوێ بۆم روون بۆوە کەوا میکی دۆستی هەموو منالآنە لەوانە منالآنی ئێرانیش. زەوی هەموو باڵەخانەکە بە وێنەی ڕەنگ و شێوەی ئالای ئەمریکی ڕەنگکراوە، ئالای ئەمریکی بە وێنە لەسەر ئەرزەکە نەخشاوە، تا هەموو کەس بە پێیان بەسەرییدا بڕۆن، بەڵام ئەوەی بیەوێت وەک من کردم، دووردەکەوێتەوە و پێی لەسەر وێنەکە

دانانێت. لەو رۆژانە زانیمان چەند خوێندکاری خوێندنگاکان رازی نەبوون بە پێیان بەسەر ئەو ئالایە بکەون، ئەوەش لە رۆژنامەکانا بلاوکرایەوە، ئەو دەمەبوو ئێران رووداوەکەی یازدەی سپتمبەرەوە لەگەڵی دا دەژیا. لە رۆژنامەکان نوسرابوو، ئەو یاخیبووانە، ئەو خوێندکارانەی رازی نەبووینە پێیان لەسەر ئالای ئەمریکی دابنێن، چە جۆرە سزایەکیان بدەین، لە کۆتاییدا بڕیاریان دا، لە وانەی رەوشتا پلەی سفریان بۆ دابنێن.

ئاسۆکانی پەیوەندی ئەمریکی ئێرانی:

ئێرانیەکانی زۆر هەس حەزدەکەن پەیوەندی ئێرانی ئەمریکی بگەرێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، لەناو رژێمیش کەسایەتی لەو جۆرە هەیە، بوونی ئەو پەیوەندییە بۆ هەموو لایەکیان روونە کەوا جەماوەر زۆرتر دەکەن و بەو نوێکردنەوەیەش کاروانی سیاسییشان بەهێزو پتەوتر دەبێت، بەلام کەسیش نی یە حەز بکات جیرانەکەی بەسەر خۆیدا زال بێت و سەرکەوێت.
زۆریش لە لایەنی ئەمریکیش ئەگەر مەترسی سیاسی نەبێت، حەزدەکەن ئەو پەیوەندییە گرێ بدرێتەوە، بەلام ئەو سالانەی دوایی بە چەندین پێشهات و رووداوی تازە پەیوەندیەکان و نزیکبوونەوەکان دوورترو ئالۆزتردەبێت، زۆرتر دوور دەکەونەوە، بەتایبەتی بە هاتنەپێشەوەی کێشەو قەیرانی عیراق و لوبنان. ئێرانیەکان بە دڵخۆشییەوە کارێکی ئەمریکیەکانیان وەرگرت ئەویش لەناوبردنی رژێمەکەی سەدام حوسین بوو، ئەو رژێمەی ماوەی بیست ساڵ ژیانی لێ تاڵکردن، هەروەها تالیبانەکانی ولاتی ئەفغانستانیشی لە کۆڵ کردنەوە، بۆ یەکەمجار لە مێژوو، ئەمریکییەکان بەناوی دیموکراسی دەستەلاتیان دا بە شیعەکانی عیراق، کە چەندین سەدە ئەوەیان لێ قەدەغەکرابوو.
پرسیاریش ئەوەیە دەکرێ تەنیا لە بالکۆنەکانەوە تەماشای پێشهاتەکان بکەیت ..؟؟
لەلایەکی ترەوەش پاسداران لە پەنا پەردەوە کار دەکەن. بە رووخانی رژێمەکەی عیراق زوو مەلاو زانا ئاینەکانی شیعەی ئێران، بۆ تەواوکردنی زیارەتەکانیان خۆیان گەیاندە مەزارە پیرۆزەکانیان لە عیراق، کە ماوەیەکی درێژ لێیان قەدەغەبوو، زۆر لە مێژیش بوو چاوەڕوانی ئەو هەلە پیرۆزە بوون.
لەبەر دوو فاکتەرە پەرۆشی ئەو رەوشە تازەیەبوون، هۆکاری سیاسی و ئاینی هەبوو، بەلام لەگەڵ ئەوەش نەبوون رەوشی عیراق لەو ئاستەدا بتەقێتەوەو دەستەلاتی شیعەکان بەرەو دواوە بگەرێتەوەو دەستەلاتەکەیان لاوازو پەرتەوازە بێت، هەروەها کوردەکانی ئێرانیش خەونی ولاتی گەورەیان پەیداکردووەو ئەوەش مەترسی بۆ ئێرانیەکان پەیداکردووە. لە ڕاستیدا رەوشەکە زەحمەتە، بۆیە گومان لەوەدایە لە بنەوە بەرنامەو سیاسەتی شاراوەش هەیە کاردەکات.

بازدان بەرەو لوبنان:

لوبنان و فەلەستین دوو ناوچەی بایەخپێدراون لەلایەن پاسدارانەوە. ئێرانیەکان شانازی بە هێزی حزبی اللەی لوبنانی دەکەن، بوونی ئەو حزبەو دەستکەوتەکانی بە سەرکەوتنی خۆیانی دەزانن، چونکە توانیان ناسنامەیەک بۆ شیعەکانی لوبنان بسلمێنن، ئەوانەی زۆرتر دەچەوسێنراونەوەو داپلۆسینیان لەسەربووە. هەر لە ساڵی 1980 ئێران یارمەتی شیعەکانی لوبنانیان دا، پارەی زۆریان خستە بەردەستیان و هێزو میلیشیایان بۆ دامەزراندن. مەشقی زۆریان لەسەر هێرشبردن و بەرگری پێکردن و مووشەکی باشی کاریگەریان بۆ دابینکردن، تا لە هاوینی 2006 دا توانیان شاری حیفای ئیسرائیلی مووشکباران بکەن، ڕەنگە مووشەکی دوورهاوێژترو خێراتریان هەبێت، بگاتە تلئەبیبیش.

گەشتی ئاسمانی ئێران سوریا لەبەر چوونی ئێرانی بۆ زیارەتی مەزاری پیرۆزیان لە سوریا بەردەوام هاتوچۆکەیان زۆرە. رابەری روحی و سیاسی شیعەکانی عیراق ایە اللە السیستانی لە رووی فقییەوە هاوبیری خمینی نەبووە. حزب اللە باش راهاتووە لە مەلەکردن لە نیوان هەردوو سەرپەرشتکارەکانی لە سوریاو ئێران، حسن نەسرولا زۆری لە ئەنسارەکانی ئیسلامی ناو ولاتانی عەرەبی ئیسلامی قازانجکردووە، ئەوەش ئازادی کردووە تا نەبیتە گەمەی دەستی هیچ کەسێک.

حزب اللە و حماس چونکە پارە لە ئێران وەردەگرن و یارمەتی باشیان دەدات، بۆیە ئەو ولاتە دەستی زۆری لەسەر ئەو حزبە لە لوبنان و فەلەستین درێژەو بەرنامەی کاریشیان بۆ دادەرێژێت، لە کاتی پێویست ئامۆژگاریان دەکات.

ئێران ولاتێکی هەستیارە، کار بۆ ئەوە دەکات هاوکێشەی نێوان بەرژەوەندی تایبەت وەک ولات و ئەمانجەکانی شۆرشە ئیسلامیەکەی رادەگرێت. بۆ ئەوەی بەربەستیان بە رووی خۆرئاوا توندو پارێزراوبێت و پاشەکشەیان پێ بکات، ناوکە ڕەقەکەی ناو ئێران سوورە لەسەر بڵاوکردنەوەی شۆرشەکەیان لەناو ولاتانی عەرەبی ئیسلامیدا .! نووسەری تەنزی ئێرانی ئیبراهیم نابافی پاش ئەوەی لە ئێران کۆچی کردو گەیشتە دەرەوە لە ساڵی 2002 لە رۆژنامەی بانیان نووسیبووی، پەیوەندی ئێمەو ئەمریکییەکان زۆر پتەوە، هاوبەشییمان زۆرە، زۆر یەکترمان خۆشدەوێت و زۆریش ڕقمان لە یەکە.

لە رۆژانی گەرمی کارەساتەکەی یازدەی سپتمبەر رۆژنامەکانی ئێرانی هەوالی ئەوەیان بڵاوکردەوە کەوا چەندین هاووڵاتیەکی ئێرانی بۆ هاوخەمی بۆ قوربانیانی ئەو کارەساتە مومیان داگیرساندووە، ئەوەش پاش ئەوەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێرانی وتبووی ئێمە ئامادەین لەگەڵ ئەمریکییەکانا دانوستان بکەین، ئەگەر ئەوان کەمێک مەنتقی بن، بەڵام

بۆ رۆژی دوایی لە دووانەکەیان پەشیمان بونەوە، وتیان ئێمە هەرگیز لەگەڵ ئەمریکییەکانا دانانیشین، دووبارە پاش هەفتەیەک وەزارەتی کاروباری ئێرانی ئامادەییان بۆ دانووستان دووپاتکردەوە. . لە کۆتایی حکومەتی ئێرانی هەڵوێستی فەرمی خۆی راگەیاند، پێویستە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوسۆزی هەڵوێستمان بێت و بەردەوام بێت لە داواکردنی دانووستان، ئێمەش سوورین لەسەر ئەوەی تا دوا تنۆکی خوێنمان دژ بە دانووستان بین..!
لایەنی ئەمریکیش لەسەر زاری سەرۆک بۆشدا رایگەیاند، کەوا ئێرانییەکان پاش کارەساتەکەی یازدەی سپتمبەر هەڵوێستیان هەبووە، پاش دوو رۆژ سەرۆک بۆش دووبارە رایگەیاندەوە کەوا گومانی نی یە ئێران دەستی لە رووداوەکە هەبووبێت.. سێ رۆژ پاش رووداوەکە کۆلن پاول وتی، ولایەتە یەکگرتووەکان بڕوای بەوە هەیە کەوا ئێران دەستی لەو رووداوەدا نی یە..
دوا هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکی بە فەرمی بەو شێوەیە راگەیاندرا:
ئێمە پابەنددەبین بە دانووستان لە گەڵ ئێرانی ئاشتیویست، ئامادەشین ئێرانی سەر بە کێشەو ئاژاوە بڕوخێنین، بە بەرنامەیەکی راستوخۆی لە ماوەی سێ ساڵدا.!
ئەوەی بۆ ئێرانییەکان و ئەمریکییەکان لەو جیهاندا باشە، لایەنی تر هەیە لە گۆێ زەوی، نەتەوەو میللەتانی تر هەیە، ئەگەرنا لەو جیهانەدا لە مێژبوو کەس نەدەما.!